# هەڕەشەكانی ئەمریكا لەعێراق‌وتەصریحاتەكانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقی‌و ئەگەری ڕووداوەكان‌و ئەركەكانی ئێمە!

تاهیر حەسەن

## سەرەتایەك:

ئێوە ئاگادارن، هەركەسێك ئەم ڕۆژگارە چاوێك لەكەمپینی ڕاگەیاندنی‌میدیاكانی جیهان بكات، كەسەبارەت بەنەخشەی ئەمریكا بۆلێدانی سەربازی لەعێراق‌وڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بەرێیان خستووە، وای‌دێتەپێش چاو كەهەڵگیرساندنی جەنگێكی گەورە لەئان‌وساتدایە، ئێستەنا سەعاتێكی تر، چەندرۆژێكی تر جەنگ دەكەوێتە ڕێ. لەزمانی لێپرسراوانی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریكاوە دەڵێن، نەخشەی ئەمجارەمان وەك ساڵی ١٩٩٠ نیە، ئەمجارە بەسەدان هەزار سەربازەوە عێراق داگیردەكەین‌و كۆتایی بەدەسەڵاتدارەتی ڕژێمی بەعس دەهێنین‌وحكومەتێكی دیموكراتی دادەمەزرێنین!. بەهەر حاڵ ئەوەندە ئەم ڕووداوە نزیك باس دەكەن ئینسان دەكەوێتە فكری ئەوەوە بڵێ ڕەنگە نەتوانم شتی ماڵەكەم كۆبكەمەوەو منداڵەكانم بەلایەكدا بەرم!.

بەبڕوای من ئەم ڕاگەیاندنانەناتوانێ نیشانەی جەنگێكی ئاوها گەورە بێت كەوەك دەڵێن، داگیركردنی‌عێراق تیایدا ئامانج بێت!. ئەم ڕاگەیاندنانە لەڕوانگەی ئەمریكاوە، تەبلیغاتی جەنگین، زەخیرەخستنی جبەخانەی ئیعلامین، مووشەكبارانی ئیعلامی‌یە بۆ جەنگێك كە دەزانن هێشتا وەختی زۆر ماوە بۆ بەكردەوە دەست پێ كردنی، ئەمە هەوڵدانە بۆ ئامادەكردنی زهنیەتی ڕای‌گشتی جیهانی‌وورد بوونەوەیە لەقەبارەوئاستی ئەوكاردانەوەجیهانیەی‌كە لەكاتی ڕوودانی جەنگدا لەخۆی نیشان دەدات‌وقڵشت لەنێوریزەكانی وولاتانی ئەنجومەنی ئاسایشدا دروست دەكات. خودی ئەوەی كەوەزیری بەرگری ئەمریكاوراوێژكاری جۆرج بوش‌و جێگرەكەی، سەرباری دووبارەكردنەوەی هەڕەشەكانی بوش، بەلام دەڵێن هێشتا بڕیاری‌كات‌و شێوەی جەنگمان نەداوەوهێشتا خەریكی‌ڕاوێژكردنین لەگەڵ دۆستەكانمان، نیشانەی ئەوەیە كەهێشتالەسەر بەڕێوەبردنی سیناریۆیەك لەم جەنگەدا، ساغ نین‌وبۆیان ڕۆشن نیە. تەنیا شتێك كەبەبێ دوودڵی پێی لەسەر دەدەگرن، ئەوەیە كەدەبێ ڕژێمی بەعس‌وصدام حسێن لەسەر كارلابچێت، صدام‌وڕژێمەكەشی ئەمەیان بەجدی وەرگرتووەولەڕاستیدا مەسەلەكەش جدی‌یە.

## ئامانجی ئەمریكالەم جەنگەدا!

ئامانجی ئەمریكالەم جەنگەدا هەمان ئامانجێكە كەلەجەنگی كەنداوی ساڵی١٩٩٠دابەشوێنیە وەبوو. واتە داسەپاندنی عەسكەرتایەت‌ومیلیتاریزمی جیهانی‌وملهوری‌وپۆلیسی خۆی بەسەر دنیای یەك قووتبی دوای كۆتایی هاتنی جەنگی سارددا. هەروەك چۆن ئەمریكا لەجەنگی كەنداودا بۆرزگاركردنی كوێت، یان بۆ ئیحترام گێڕانەوەی بڕیارەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان كەدەیان ووت صدام حسێن لەژێر پێی ناوە، لەشكركێشی سەربازی نەهێنایە ناوچەی كەنداو، هەرئاواش هەڕەشەی جەنگ‌وئامانجی ئەمریكا لەم جەنگەدا بەئەندازەی سەرەدەرزی‌یەك پەیوەندی بەمافی مرۆڤ، ودیموكراسی‌وجبەخانەی چەكی كۆكوژی ڕژێمی بەعسەوە نیەوئەمانە بەتووندی درۆی مێژوویی مافیا ئیعلامی‌یەكانی‌وەك CNN وBBCوSKYNEWSن!. لێكدانەوەیەكی زۆری ناوێ، دەستەیەكی فەرمانڕەوا لەئەمریكاكەزیاترلە١٢ ساڵە بەچەكی كۆكوژی ئابلوقەی ئابووری خەڵكی عێراق‌وكۆمەڵگاكەیان نابووت بكەن‌وتائێستا زیاتر لە١، ٥ملیۆن ئینسانیان بەم چەكە لەناوبردبێ، كێ باوەڕ دەكات ئێستا بەرگی فریادڕەسی ڕزگاركردنی خەڵكی عێراق لەدەستی دیكتاتۆریەتی ڕژێمی بەعس لەبەربكەن‌وچەكی كۆكوژ لە دەستی ئەم ڕژێمە دابماڵن؟!. ئەمریكا خۆی خاوەنی گەورەترین جبەخانەی چەكی بەكۆمەڵ كوژە، تەنیا ڕژێمێكە لەدنیادا كەچەكی ئەتۆمی لەدژی نەیارانی خۆی بەكارهێناوەوسەدان هەزار ئینسانی لەچاوتروكاندنێكدا كردۆتە خۆڵەمێش‌و زەویەكەشی نابووت كردوون. چەند ڕۆژ پێش ئێستا ڕاوێژكاری وەزیری بەرگری ئەمریكا ڕایگەیاند كەئەگەر حكومەتێكی دڵخوازی ئێمەش لەعێراقدا بێتەسەر كار، یان تەنانەت خودی ئەم ئۆپۆزسیۆنەی كەبە ئیعازی ئێمەش دەجوڵێن بێتە سەركار، پارێزگاری لەچەكە كۆكوژەكان دەكات‌وناتوانێت هەموویان تێك بشكێنێ!. من نازانم مەبەستی ئەم كەسە كەئەمەی قسەیەی كرد چی‌یەودەیەوێ بڵێ چی؟، بەلام ڕاست دەكات. وولاتێكی پرنەوتی وەك عێراق چۆن دەكرێ لەبەرامبەریدا جمهوری ئیسلامی ئێران‌وتوركیا كەتاسەر ددانیان بەجۆرەها چەك چەكدارن، هەبێت‌وداواشی لێ بكەیت دەسەلاتی سەرمایە لەو ناوچەیەدا بپارێزێت‌وتوانای بەرگری لەخۆكردنیشی لەبەرامبەر نەیارانیدا لەناوچەكە ئێوەربگریتەوە!. ئەمە وەك ئەوە وایە دەسەڵاتەكەی پەرویز موشەڕەف لەچەكی ئەتۆمی لەبەرامبەر هیندستانی ئەتۆمیدا، دابماڵی، ئەمە ناكرێ، ئەمە یەعنی ڕووخاندنی خودی ئەوڕژێمە!. بۆیە ئەمریكاكێشەكەی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا نەچەكی كۆكوژە، نە مەسەلەی دیموكراسی‌ومافی مرۆڤە. تالیبان‌وخومەینی‌و ماركۆس‌وشای ئێران‌ودەسەلاتە ڕەشەكانی وولاتانی ئەمریكای لاتین بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی خودی ئەمریكا هاتنە سەر كار!. ئەمریكا تەنانەت كێشەی لەگەڵ خودی صدام

www.kurdistannet.org

حسێن‌ورژێمەکەشیدا نیە، صدام حسێنە ڕەنگاوڕەنگەکان کەئێستا دۆستی نزیکی کۆشکی سپین لەدنیادا کەم نین!. بەڵام لە١٢ ساڵی ڕابردوودا، وەلەئاکامی بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی دیاریکراوی ئەمریکاداو لەهەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراوی جیهانیدا، کەعێراق بوو بەناوەندی بەڕێوەبردنی، صدام حسێن‌ورژێمەکەی لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتدارەتیاندا لەعێراقدا، بوون بە سەمبولی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەمریکادا، ئەمریکا لەڕاستیدا تووش بووە بەدەست ڕژێمی بەعسەوە. بۆیە دەیەوێ ئەم ڕەمزە تێك بشکێنێ‌ولەسەر ئەم کارەی جدی‌یە.

## پێداویستیەکانی ئەم نەخشەیەی ئەمریکا ئامادەیە؟

چوارچێوەی ئیعلامی‌وئایدیۆلۆژی جەنگی کەنداوبۆئەو ئامانجەی کەلەسەرەوە باسم کرد، هاتوهاواری دیموکراسی‌ومافی مرۆڤ، بوولەدنیادا. لەدوای ١١ی سیپتەمبەرەوە چوارچێوەی ئیعلامی‌وئایدیۆلۆژی هەمان ئەم جەنگەو بۆ هەمان ئەو ئامانجە، ئەمریکاناوی شەڕ لەدژی تیرۆری لەسەر داناوە!. ڕووداوی ١١ی سیپتەمبەر بەهانەیەکی بەهێزی دایە دەستی ئەمریکا کە کێرڤی ڕوولەخواری جێگاوڕێگای سیاسی لەدنیادا بەخێرایی بەرەو سەربەرێتەوە. ئەوە بوو جەنگی لەدژی دەسەڵاتی تاڵیبان دەست پێکردولەماوەیەکی کەمدا، ڕووخاندی. بەڵام هەرئەوکات جۆرج بووش ڕایگەیاند ئەم شەڕە درێژەی هەیەوبەڕووخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان ناوەستێتەوە!.

ئێستا ئەمریکا دەیەوێ پێش ئەوەی کاریگەری‌یەکانی ڕووداوی ١١سیپتەمبەر لەسەر ناوەندی نێودەوڵەتی، لەسەرهەست‌وشعوری خەڵکی ئەمریکاوئەوروپا کەم ڕەنگ بێتەوە، کەیسی عێراق کەخاڵی لاوازی سیاسەتەکانیەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداوزیاتر لە١٢ ساڵە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە، بەلایەکدا بخات. بەڵام نەعێراق ئەفغانستانەونەڕژێمی بەعسیش تاڵیبانە. ئەوروپا وچین‌وڕووسیاوژاپۆن‌و تەنانەت وولاتانی ناوچەکەش ئەبعادی مەترسیداری سیاسی‌وسەربازی‌و ئابووری مەسەلەی یەکلاکردنەوەی کەیسی عێراقیان، ئەگەر بەدڵخوازی ئەمریکا بچێتە پێشەوە، بەتەواوی‌درك کردووە. بۆیە بەتووندی نارەحەتن. ڕووخاندنی دەسە

ڵاتی تاڵیبان کافی‌نیە بۆ داسەپاندنی زلهێزی‌ومیلیتاریزمی ئەمریکا بەسەر دنیادا، ڕووخاندنی تالیبانی دروستکراوی دەستی خودی ئەمریکاپێوانەیەکی لاوازە بۆنیشاندانی توانایی ئەمریکا، کە وولاتانی زلهێزی وەك ڕووسیاوچین‌وژاپۆن‌و ئەوروپا ناچاربکات، کەسەرکردایەتی ئەمریکا لەجیهانی سەرمایەداری ئەم سەردەمەدا بسەلمێنن. ڕووخاندنی دەسەڵاتێکی لەحاشیەکەوتوو، بێناسنامەی نێو دەوڵەتی، بێ ئیعتیباری کۆمەڵایەتی‌وسیاسی وەکو تاڵیبان ئەڵقەیەکی لاوازە بۆ ناچارکردنی نەیارانی ئەمریکا کەزلهێزی‌و میلیتاریزمی ئەو قبووڵ بکەن. بەڵام عێراق ئەڵقەیەکی بەهێزی جەنگی قودرەتە بۆ ئەمریکا، هەربۆیە ئەمریکا بەقۆناغی دووەمی جەنگی لەدژی ئیرهاب دیاریکردووەونەیارانی بەتووندی نیگەران کردووە. بۆیە پێشتر ووتم ئەمریکا لەسەر ئەم نەخشەیەی جدی‌یە. بەڵام ئەم نەخشەیە کەندوکۆسپی جدی لەپێشە. عێراق وولاتێکی جیهان عەرەبی‌وشەرق ئەوسەتی‌پڕسەروەتی نەوتی‌یە، دەسەڵات تیایدا بەڕەسمیەت ناسراوی نێو دەوڵەتی‌یە، سوپای هەیە بۆ پارێزگاری لەخۆکردن. وولاتانی ئەوروپاوڕووسیاوچین لەبەر ئەو هۆیەی لەسەرەوە باسم کرد، بەهێرشی ئەمریکابۆسەر عێراق ناڕازین.

فاکتەرێکی گرنگ ئەوەیە، قەتڵی عامی خەڵکی فەلەستین بەدەستی حکومەتی هارودڕندەی ئیسرائیل لەفراوانترین ئاستیدا هەروا درێژەی هەیە، ناسیونالیزمی عەرەبی‌دژی ئەمریکایی‌وغەرب کە لەسەر لایەنگری بێئەملاولای ئەمریکا لەحکومەتی ئیسرائیل دەلەوەڕێ‌و کاریگەری جدی لەسەر ڕای گشتی وولاتانی عەرەب هەیەو فشاری تووندیان بۆ حوکامی عەرەب هێناوە کەناڕازی بن. ئاسان نیە حکومەتی شارۆن بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا جەنینەکان ڕۆژانە بەپێش چاوی دنیاوە لەفەلەستیندا بخوڵقێنێ‌و لەم لاشەوە ئەمریکا هێزی نێو دەوڵەتی‌ووولاتانی عەرەبی بۆ لێدان، یان داگیرکردنی عێراق کۆبکاتەوە!. دەبێ مەسەلەی فەلەستین لانی کەم بڕێك ئارام بکاتەوە. ئەمە جگەلە زەعفێکی مێژوویی کەئەمریکا بەدرێژایی ١٢ساڵی ڕابردوو بوویەتی، ئەویش نەبوونی ئەڵتەرناتیڤی جێنشینی ڕژیمی بەعسە، ئەگەر ئەمەی ببوایە، هەر کاتی جەنگی کەنداو مەسەلەی عێراقی یەکلادەکردەوە.

بەهەرحاڵ تائێستا جگە لەدەوڵەتی قەتەر، تەنیا جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بۆ لێدان لەعێراق بخاتە ئیختیاری ئەمریکاوە!!، هەرچەندە دواتر لەبەرامبەر هەڕەشەی تورکیادا بەڵێنەکەی خستە ملی خەڵکی کوردستان!.

بەهەر حاڵ ئەوەی کەئەمریکا باسی نەخشەکەی دەکات‌وقەرارەبەدەیان هەزار سەربازەوە عێراق داگیر بکات‌وڕژێمی بەعس بڕوخێنێ!، ئەمە جێبەجێ کردنی سوپایەکی گەورەیە، زەوی دەوێ، زەخیرەی دەوێ، خۆراکی دەوێ، بەنزین‌ونەوت‌وگازی دەوێ. پاشان لەکوێ‌وە، لە چ سنوورێکەوە ئەم هەموو سەربازە دەچنە ناوەوە؟!. ئەوەی کە جەلال تاڵەبانی‌ودەسەڵاتداران لەکوردستان

دەیلێن، قسەیەکی پووچ وبێ ناوەڕۆك ونامەسئولانەیە. جارێ کەی ئەمریکا لەسەر ئەوە وەستاوە بزانێ ئێوە ڕازی دەبن کوردستان بەکار بهێنێ یان نا؟!، کەی پرسی بەئێوە کردووە؟. هەموو کەس دەزانێ کەئەمریکا ئێوەی بەدیار کوردستانێکی سەر گەردانەوە داناوە، هەرکاتێك زانی سەرەی حەرەسیەکەتان تەواو بووە، دەڵێ لاچن.

بۆیە من پێم وایە هێشتاپێداویستیەکانی ئەو جەنگە ئامادە نیە، ئەم ڕاگەیاندنانە بەر لەهەر شتێك بانگەوازی سوپای عێراق و جەنەراڵەکانی ئێستای سوپای عێراقە کە دەیەوێ پیان بڵێ من لەسەر لابردنی ڕژێمی بەعس سوورم ئێوە کارێك بکەن!.

## دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لەباری مێژوویی‌یەوە بەسەر چووە!

سەربەخۆ لەوەی ئەمریکا چی دەوێت وئامانجی لەم نەخشەیەدا کەباسم کرد چی‌یەو ئایا ڕژێمی بەعس دەڕوخێنێ یان نا!. من پێم وایە ڕژێمی بەعس لەباری مێژوویی‌یەوە عومری بەسەر چووەو دەبێ بڕوا. ئەگەر سەرنج بدەن ئەمە ئەڵقەیەکی گرنگە لەڕاگەیاندنی ئەمریکادا بۆ شەرعیەتدان بەجەنگێك کەدەیەوێ لەدژی ڕژێمی بەعس بەڕێیبخات. ئەم ڕژێمە بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانیوە سەر خانێکی سیاسی گونجاو بێت بۆ ئابووری سەرمایەداری. لەو کاتەوەی دەسەڵاتی سەرمایەداری لەعێراقدا گرتووەتە دەست لەقەیراندا دەژی‌و ئەم قەیرانانەی بەشەڕ ڕەوانەی سبەینێ کردووە، زیاتر لە ٢٥ ساڵە لەعێراقدا حاڵەتی نائاسایی هەیەوشەڕ بەڕێوە دەچێت. لە هەفتاکاندا شەڕ لەگەڵ کوردەکان، بەدرێژایی هەشتاکان شەڕ لەگەڵ جمهوری ئیسلامی، دوای ئەو جەنگی کەنداو تائێستا!. خەڵکی عێراق بەدرێژایی تەمەنیان سەربازن‌و ناتوانن ژیانی ئاسایی لە وولاتێکی سەرمایەداری ئەم سەردەمەدا بەسەر بەرن. ئەگەر تەمەنی ئاوها ڕژێمێك لەسەردەمی کێشمەکێشی دنیای دوو قووتبیدا دەکرا جێگای هەبێت، ئەمڕۆ ئیتر ناکرێت، ئاوها ڕژێمێك لەم سەردەمی گەشەی بێ ئەوپەڕی تەکنۆلۆژیاو ئەنتەرنێت‌وئەنفۆرماتیکەدا ناکرێ، نەك لەبەر ئەوەی بەقازانجی خەڵك نیەو دیکتاتۆرە، دەسەڵاتی سەرمایە لەئەمریکاش بەقازانجی خەڵك نیەو دەبێ بڕوخێ، بەڵکو لەبەرئەوەی وەك سیستمێکی سەرمایەداری توانای خۆبەرهەمهێنانەوەی بەوێنەی نیزامێکی سیاسی نیەو ناتوانێ بەپێوە ڕابوەستێ!، ناکرێ دەسەڵاتێك بۆ سپاردنی عومری خۆی بەسبەینێ پێویستی بە هەڵگیرساندنی شەڕێك بێت!. ئێوە ببینن لەعێراقداو لەم سەردەمەدا، سەتەلایت قەدەغەیە، ئەنتەرنێت قەدەغەیە، بچوکترین ڕادەربڕین قەدەغەیە، سێکس قەدەغەیە، شادی قەدەغەیە، ڕۆژنامە دەرکرن قەدەغەیە، وەرزش سەر سفرکردنی عودەی بەدواوەیە، سەری ژنان دەپەڕێنرێ، لاوان پیرن‌و هەمیشە لەگەڵ باوك‌و دایکیان یان لەسەر بازین یان هێزی ئیحتیاتی سوپان!. خەڵکی دەزانن دنیا چ خەبەرە. ئەمە ناتوانێت ڕژێمێکی مەتلوبی سەرمایەداری لەوولاتێکی شەرق ئەوسەتیدا بێت، کە یەك لەسەر سێی مەخزوونی نەوتی دنیای تێدایە، عێراق بۆ چەپ‌و ڕاست شیللی وئیکوادۆرو تەنانەت ئەرجەنتین نیە.

سەرئەنجام ئەم شەقاوەییەی صدام حسێن ناتوانێ نیزامێکی سەرمایەداری بەم قودرەتە ئابووری‌یە گەورەیەوە لەم سەردەمی گلۆبالیزمی ئابووری سەرمایەداریەدا ڕابگرێت. هەر سیستمێکی ئابووری سەرمایەداری لە عێراقدا، بۆ ئەوەی بەشێك بێت لەئابووری سەرمایەداری جیهانی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو کاری هەرزان‌و کرێکاری بێ دەنگ لەعێراقدا بەڕێوە بەرێ‌و بەگەڕخستنی سەرمایە لەشوێنە دوورەکانەوە بۆ لای خۆی کێش بکات، دەبێ بتوانێ ئەمنیەتی سەرمایەی خۆی‌و خارجی دابین بکات، واتە دەبێ بتوانێ بەپێوە ڕابوەستێ و خۆی بەرهەم بهێنێتەوە بەوێنەی نیزامێکی سەر مایەداری. ڕژێمی بەعس لەم توانییە بەهرەمەند نیە. منصور حکمت ١١ساڵ پێش ئێستا لەجەنگی کەنداودا ووتی ئارایشی ئەم ناوچەیە دەگۆڕێ، ئێوە ببینن مەسەلەی ژنان لەنێو شێخ نشینەکانی نیوە دورگەی عەرەبدا مەترەح دەبێ و شەڕەکەی دەگاتە پەرلەمانی ئەو وولاتە، ناڕەزایەتی لەسعودیەدا بەرز دەبێتەوە، ئەم بەناو وولاتانە دەبێ شێوازێکی تری‌دەسەڵاتدارەتی سەرمایەداری بگرنە خۆیان.

## جێگاوڕێگای ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقی لەنەخشەی ئەمریکادا.

من پێشتر ووتم کەئەمریکا یەکێك لەکێشەکانی لەعێراقدا نەبوونی ئەڵتەرناتیڤی جێنشینی ڕژێمی بەعسە کەبتوانێ قازانج وبەرژەوەندی‌یە سیاسی وئابووری‌یەکانی‌ئەمریکا لەعێراق‌و ناوچەکەدا بپارێزێت. ئەمە خودبەخود دەکاتە ئەوەی کەئەم ئۆپۆزسیۆنە‌ی‌ئێستا هەیە، سەربەخۆ لەوەی خۆیان لەسەر خۆیان چی دەڵێن، هیچ جێگاوڕێگایەکی بەرجەستەیان لەسیاسەت‌و نەخشەی ئەمریکادا نیە. ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەکەمترین ئینسجام بەهرەمەند نیە، هیچ کارەوبێ ئیعتبارن لەلای خەڵکی عێراق‌ونەکارێکیان بەقازانجی خەڵك بووەبۆ کردن‌و نەقسەیەکیشیان بووە بۆ ووتن. هەرچی ئیسلامی سیاسی‌یە لەتەواوی ناوچەکەدا کێرڤیان ڕوو لەخوارەوبەڕووخاندنی نزیکی جمهوری ئیسلامی، ئاخرین بزمار لەتابووتیان دەدرێ، هەرچی ناسیونالیزمی عەرەبیشە، ئەمسالی ئەحمەد چەلەبی وسامەرائی بێ شەخصیەت ترینیانە، ئەوەندەی‌بەناسیونالیزمی کوردیش دەگەڕێتەوە، جێگاوڕێگایەکیان لەسیاسەتی سەراسەریدا نیەوزۆر ترچاوەڕێی ئەمریکان کارێك بکات‌وشتێك بۆ ئەمان قایل بێت.

ئەم تێکەڵاوە لەئەحزابی شیعەوشیوعی و ناسیونالیزمی کوردوعەرەب ناتوانێت جێگایەکی چارەنووس سازی لەنەخشەی ئەمریکادا ببێت، یەکێتی وپارتی لەسەر پارەی ئاوو کارەبارێك ناکەون، چ جای بکرێنە دەسەڵاتدار لەووڵاتێکی ئەزمە گرتووی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی وحکومەتی وەك عێراقدا. بەبڕوای من گرنگی دانێك کەئێستا بەم ئۆپۆرسیۆنە لەلایەن ئەمریکاوە لەئاستی جۆراوجۆردا دەدرێت، بەهیچ شێوەیەك تەعبیر نیە لەجێگاوڕێگای ئەمانە لەنەخشەو سیاسەتی ئەمریکادا، ئەوانە کارتی فشارن لەم کەمپینی ئیعلامیەدا بەکار دەهێنرێن. تەحالوفی شیمالی ئەفغانستان لەتواناییوئیمکاناتی کۆمەڵایەتی وسەربازی زۆر زیاتر لەم ئۆپۆزسیۆنەی عێراق بەهرەمەند بوون، ئەصڵەن هەتا ئەمریکالای کردەوە ئەوان کابوولی پایتەختیان گرت، بەڵام هەر یەکەمین ڕۆژ ئاشکرابوو کەئەمانە جێگاوڕێگایەکی بەرجەستەیان لەدەسەڵاتدارەتی ئەفغانستانی دوای تاڵیباندا نابێت. ئێستامەعلوم نیە جەنەراڵ دۆستموڕەببانی و حکمەتیار چ کارەنوکەوتوونەتە کوێوە!. تەنیا کارێك کەدەسپێردرێت بەم ئۆپۆزسیۆنە ئەوەیە کەلەکاتی لێدانی عێراقداوشلبوونەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی ڕژێم بەسەر سەری خەڵکەوە زوو بتوانن جڵەوی وەزعەکە بگرنونەهێڵن تەقینەوەی جەماوەری ڕووبدات کەدواتر گرتنەوەی سەخت بێت. کۆبوونەوەکانی ئەفسەرانی دژی ڕژێم لەلندن کە دەیانووت، ئەرکی ئێمەو سوپائەوەیە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بڕوخێنین و کۆنترۆڵی وەزع بکەین وسەروماڵی خەڵکی بپارێزین، هەر ئەمە ماناکەیەتی. بەڕاستی تەنیا تەماشاکردنی سەروکەللەو کارو کردەوەی ئەوانەبکرێت کەئەمریکا پەیوەندی پێوەکردوون بۆ ئەو نەخشەیە، سەربەخۆ لەوەی کاربەدەست دەبن لەئایندەی سیاسی عێراقدا یان نا، کافیە بۆ هەر ئینسانێکی ئازادیخواز کەقەزاوەت لەسەر ناوەڕۆکی دژی ئینسانی نەخشەی ئەمریکاوئایندەیەکی تەڵخ کەدەیەوێ بیکات بە چارەنووسی خەڵکی عێراق، بکات.

## کوردستانی عێراق لەنێو ئەم نەخشەیەدا چیبەسەر دێ؟

هیچ کەسێك ناتوانێت لەئێستاوە بڵێ ئایندەی کوردستان بەم شێوەیەی لێدێت. پێشبینی چارەنووسێکی باشتر بۆئایندەی سیاسی ژیانی خەڵکی عێراق وکوردستان، لەنێو ڕادەی هاتنەمەیدانی خەڵکی عێراق وکوردستان لەدەوری ئاسۆی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەی سەربەخۆی خۆیان و جێگاوڕێیان لەنێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان وحزبەکانیاندا لەسەر مەسەلەی یەکلاکردنەوەیدەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا مەعنای هەیەو قابیلی لێکدانەوەیە. یەعنی ئەوەی چەندێك بوار دەبێت خەڵکی نمایشی هێزی کۆمەڵایەتی خۆیان بکەن؟، لەدیایکردنی چارەنووسی خۆیاندا جێگای دەستیان چەندە دیارە؟، هەر ڕۆژی یەکەم دەتوانن بیانێرنەوە بۆ ماڵەوەولەسەرەوە کارازایەك بسەپێنن بەسەریاندا؟، ئێمە وەك ح. ك. ك. ع لەکوێدا وەستاوین وچەندە دەستمان دەڕوا؟. وەڵامی موسبەت بەم پرسیارانە دیاری دەکات کەئایندەیەکی باشتر دەبێت بەنسیبی خەڵکی عێراق وکوردستان یان نا!.

تائەو جێگایەی بەئایندەی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەگەر وەك ئێستا دەسەڵات بەدەستی پارتی ویەکێتی یەوە بێت، هەرچەندە خۆیان دەڵێن ئەمریکا هیچی پێ نەوتووین وهیچ شتێك ڕۆشن نیە لەلامان، کەمنیش پێم وایە ڕاست دەکەن، هیچیان لەگەڵ نەوتوون!. بەڵام ئەوەی کەلەلای کەس شاراوە نیە ئەوەیە کەئەمان ڕۆژی سەدجار سوێند بەیەکپارچەیی خاکی عێراق دەخۆن ووایان ترساندوون خەریکە لەدیفاع لەعێراقی بووندا قسەیەك بۆناسیونالیزمی عەرەب ناهێڵنەوە!. تازە لەم کۆبوونەوەیەی واشنتۆندا هوشیار زێباری نوێنەری پارتی باسی لەپێبڕانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان دەکرد!. بۆیە وەك ووتم ئەگەر ئەمان بەم سیاسەتە ڕاگەیەندراوە ١١ ساڵەیەیان چارەنووسی کوردستان دیاری بکەن، بەهەرشێوەیەكومیکانیزمێك بێت، سەرئەنجام کوردستان دەبێتەوە بەبەشێك لەعێراق، جا هەرجەنابێك لەعێراقدا دەسەڵاتی مەرکەزی بەدەستەوە بێتوئەمانیش هەر ڕادەیەك لەئیمتیازیان لەدەسەڵاتدارەتی مەرکەزیدا هەبێت، هیچ لەمەسەلەی چارەسەری کێشەی کورد ناگۆڕێ و وەکو خۆی دەیهێڵێتەوە. بەڵام بەو هۆیەوە ئێستا مەسەلەی کەیسی عێراق چووەتە سەنتەری سیاسەتی ئەمریکاو ناوەندی نێو دەوڵەتی بۆیە، خودبەخود مەسەلەی کودستانیش لەم وەزعیەتە جیهانیەدا چووەتە حاشیەوە، یان بووەتە دەرەجە چەند هەم، تاڵەبانی وبەرزانیش چاوەڕێن بزانن لەمەرکەز چی دەگوزەرێ و بەکوێ دەگات. ڕێگە بدەن لەم دەرفەتەدا چەند قسەیەك لەسەر ڕاگەیاندنەکانی جەلال تاڵەبانی لەدوای

گەڕانەوەی لەکۆبوونەوەکانی واشنتۆن بکەم. تاڵەبانی ووتی:خەڵکی کوردستان بەوهۆیەوە کە ئەمریکاخەڵکی کوردستانی لەهێرشەکانی ڕژێمی بەعس لەئازاری١٩٩١دا پاراست، هاوسۆزی یەکیان لەگەڵیدا پەیدا کردووەوبەڕزگارکەری خۆیانی دەزانن وئومێدیان پێیەتی!!. سەیر لەوەدایە تەنیا کەسێك نیە لەکوردستاندا دروست پێچەوانەی ئەم قسەیە نەسەلمێنێ، کەس نیە نەزانێت ئەم قسەیەنەك تەنیا خاڵیە لەهەرجۆرە ڕاستیەك، بەڵکو دروست پێچەوانەکەیەتی!. ئەگەر قازانج وبەرژەوەندی دەسەڵاتی

ئەمڕۆی ناسیونالیزمی کورد ناچاریان دەکات ئەم ئیدعایانە بکەن، ئەوا خەڵکی کوردستان نە ئەو بەرژەوەندیی‌یەی هەیەو نەئەو ناچاریی‌یە. لەڕاستیدا خەڵکی کوردستان نەك هەردەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بەدۆستی خویان نازانن، بەڵکو بەسەرچاوەی شەڕوکوشتاروناەمن کردنی هەرشوێنێکی دەزانن کەهێزەکانی ئەمریکا ڕووی تێ کردبێ!. تەجروبەی تاڵی ١٢ساڵی ڕابردووی ژیان لەنێو کوردستانێکی سەرگەردان‌وبێناونیشاندا، کوشتنی هەزاران ژن بەدەلائیلی ناموسی، داسەپاندنی پاشەکشەی ماددی‌ومەعنەوی بەسەر ژیانیاندا، قەدەغەکردنی هاتنی خۆراك‌ودەرمان لەسایەی سیاسەتی ئابلۆقەی ئابووری‌یدا، هەموو ئەمانە سەرچاوە ئەصڵی‌یەکەی بەسیاسەتی‌ئەمریکا دەزانن. خەڵکی کوردستان هیچ ئیعتمادێکیان بەئەمریکاو سیاسەتەکانی نیەو زۆر بەسادەیی لە تەجروبەی ١٢ساڵی ڕابردووی ژیانیانەوە هەڵیانهێنجاوەوکەسێك ناتوانێت ڕووی ئاوها ڕژێمێك لەلای خەڵکی عێراق‌وکوردستان بەئاسانی سپی بکات!.

## ئەڵتەرناتیڤی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقی:
## حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵ!

ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقی ڕۆژی سەد جار ئەم شیعارە دەڵێنەوەوبەلاش دەرخواردی خەڵکی دەدەن، نموونەیەکیش لەومۆدێلی حکومەتە وولاتانی ئەوروپای غەربی دەدەن بەدەستەوە، بەڵام کەمترین زەحمەتیان نەکێشاوە بۆ ئەو خەڵکەی مەعلوم کەن کەئەو جۆرە حکومەتە چۆن دروست دەبێت؟، کێ دروستی دەکات؟. ئاخر پەرلەمانتاریزم لەئەوروپای غەربیدا سوونەتی زیاتر لە١٠٠ ساڵ جێکەوتووی هەیە، لیبرالیزم مێژوویەکی بەهێزی لەهەڵسوڕانی سیاسی لەو وولاتانەدا هەیەوچەندین ئەحزابی سوونەتداری سیاسی‌وشەخصیاتی ناسراوی لەو مەملەکەتانە هێناوەتە دەرەوە، کەدەتوانن دەسەلاتی سیاسی سەرمایەداری لەسەر بناغەی وەڵامدانەوە بەبناما ئابووری‌یەکانی ئەو نیزامە سەر لەنوێ بەرهەم بهێننەوەوبەوێنەی دەسەڵاتێکی سەرمایەداری ئەم سەردەمە ڕایبگرن. چ پێداویستیەك لەوانەی کەباسم کرد لەعێراقدا ووجدی هەیە، ئەگەر بەڕاستی باس لەحکومەتێکی پەرلەمانی مۆدێلی غەربیە؟!. ئەوحزبە بۆرژواییانەی کەلەعێراقدا هەن، یان ئەحزابی ناسیونالیستی عەشیرەتین، یان ئیسلامی سیاسین!. خۆناکرێ جەنابی باقرحەکیم ئەگەر بۆینباغی بەست‌وچاکەت‌وپانتۆڵی لەبەر کرد ببێت، بەئۆڵف پاڵمەوشیراك‌وشرۆدەر!. ئەمە خەیاڵە، نەك بەتەنیا لەعێراقدا، بەڵکولەتەواوی وولاتای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست‌وتەنانەت خوارووی ڕۆژهەلاتی ئاسیاشدا. لەم وولاتانەدا وەکو پێشتر لەباسی عێراقدا باسم کرد، ئاستێکی نزم لەگەشەی پیشەسازی‌وتەکنۆلۆژیا کەلەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بەڕێوە دەچێت، سەرمایە بۆکەڵەکەبوون‌و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆی پێویستی بەکاری بێبڕانەی کرێکاران‌وڕاگرتنی لەخوارەوەی ئاستی ژیانی کرێکاران‌وخەڵك هەیە، پێویستی بەهێنانە خوارەوەی تەوەقوعاتی خەڵك هەیە، بۆ ئەمەش دەبێ کاری کرێکاران هەرزان بێت‌و کرێکاران بێ دەنگ ڕابگیرێن. ئەمەش پێویستی بەزیندان‌و ئیعدام‌و سەرکوتکردنی کرێکاران هەیە. هەرکەسێك لەهەر قوماشێك بێت، هەرئیدعایەکی لەخۆی هەبێت، نوێنەرایەتی سەرمایە لەم وولاتانەدا بکات دەبێ دەست بە ڕەشترین دیکتاتۆریەتەوە بگرێت. دەنا خەڵك دەیڕوخێنن!.

شیعاری فیدرالیزم بەتووندی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی‌یە، ئەو شیعارە ئەگەر بچێتەسەرو شانسی بەدیهاتنی هەبێت، کەمن بەدووری دەبینم، کۆمەڵگا ڕادەکێشێ بۆ ناو گەورەترین گۆماوی خوێن. ئەمە یەکێکە لەو سیناریۆ مەترسی‌یدارانەی کەڕەنگە لەحاڵی شلبوونەوەی دەسەلاتی ڕژێمدا، ئەگەر خەڵکی ووریا نەبن‌و ناوەڕۆکی ئەم شیعارە درك نەکەن‌و بەشکستی نەکێشن، وەك‌و یوغسلافیای جاران کۆمەڵگا دەکەوێتە بەرمەترسی گەورەترین‌وخوێناوی ترین جەنگی قەومیات. ئێوە تەماشاکەن، ناسیونالیزمی کورد دەڵێ کورد بەزمان‌وکەلتورو موقەدەساتی قەومی خۆیەوە بەڕسمی بناسرێت‌وبەم ناسنامەیەوە لەعێراقدا بژین، عەرەب هەروا، تورکمان هەروا، ئاسووری هەروا، ئەم هەموو موقەدەساتانە کەهەر یەکێکیان خۆی پێ دەرەجە یەکە، لەچوارچێوەی سنوورێکدا، هەموو ڕۆژێك لەگەڕەکێکی کەرکوك‌وهەولێروموصڵ کوردوتورکمان‌وئاسووری خوێناوی ترین جەنگ دەخوڵقێنن. لەبەغدادوخانەقین‌وئەوناوچانەی کوردوعەرەب پێکەوەن، هەڵگیرساندنی شەڕ هەمە ڕۆژە دەبێت. کافی‌یە دووتیپی تۆپی‌پێ‌ی ئەم موقەدەساتانە وەك ئەم ساڵی جامی جیهانی کە خەریك بوو لەنێوان تورکمان‌وپارتیدا هەولێر لەخوێن هەڵکشێ، لەیاریەکدا بەیەك بگەن‌ولایەکیان بیدۆڕێنێ!.

## چ سیناریۆیەك پێشبینی دەکرێ؟

من پێشتر ووتم کە سیناریۆی داگیر کردنی عێراق سەختەوئاسان نیەو ئیحتیمالی ڕوودانی زەعیفەوکۆسپی گەورەی لەپێشە. هاوکات ووتم ئەمریکا لەسەریەکلایی کردنەوەی کەیسی عێراق جدی‌یەودەڵێ ئەگەر بەتەنیا خۆشم بم ئەمکارە دەکەم، دواتر

www.kurdistannet.org

دۆستەکانمان بۆیان مەعلوم دەبێت کەکارێکی باشمان کردووەو مەترسیی‌یەکی گەورەمان لەسەربەرژەوەندیی‌یەکانی ئەمریکاو غەرب لابردووە!.

سیناریۆیەك کەپێشبینی دەکرێ‌وئیحتیمالی زۆری هەیە رووبداتو وادیارە ئەمریکا خەریکە تەداروکی بۆ دەبینێ، لە سیناریۆی لابردنی میلۆسۆڤیچ دەچێت. لێدانی گورزێکی هەوایی کەمەرشکێن لەمەرکەزی بەهێزی رژێم بۆماوەیەکی دیاریکراو، پاشان راگەیاندنی ئاگربەسێکی دیاریکراوو ئینجا هێنانە ناوەوەی نەتەوەیەکگرتووەکانو وولاتانی عەرەبیو جامعەی عەرەبی بەوەی کەصدام حسێن‌وکۆمەڵێك رمووزی جەللادی رژێمی وەك ئەمسالی عەلی حسن مەجید، دەبێ لەدەسەلات لابچن. ئالەم کاتەدا چ لەدەرەوە بێت، یان لەکوردستان یان لەناوەوە، حکومەتێکی مۆقەت رادەگەیەنن، ئەمریکا یەکەم دەوڵەت دەبێت کەئیعترافی پێدەکاتو‌دەهوڵی لەناوچوونی رژێم لەCNN ەوە دەکوتێ. ئەوکات وەك پەروێز مەشەرەف چەکە کۆکوژەکانیشی لێ قبووڵ دەکاتو‌تەنانەت رەنگە بۆ دامێنەدانی جیهانی بەم هەنگاوەوبردنە خوارەوەی بەقورگی خەڵکی عێراقدا، لەیەمین رۆژەکانەوە ئەمریکارابگەیەنێ کەئابلۆقەی ئابووری لەسەر خەڵکی عێراق بەرۆیشتنی‌صدام هەڵگرت. پاشان صدام حسێن‌وداورودەستەکەی کەئێستاCIA خەریکە مەلەفی بۆ ئامادە دەکات، بەوێنەی تاوانباری جەنگ دەدەن بەدادگای نێو دەوڵەتی.

سیناریۆیەکی تر کەئەویش ئیحتیمالی کەم نیە ئەوەیە، رەنگە ئەم بانگەوازانەی ئەمریکا بۆسوپای عێراقی بەتایبەتی لەکاتی لێدانیدا، چەند ئەوەندەی تریش گەورەتر دەبێتەوە، بکاتە ئەوەی کەئینقلابێکی عەسکەری لەناو خودی ریزەکانی سوپادا رووبداتو‌هێشتا دەسەلاتیش لەبەغدا بەدەست رژێمەوە مابێتەوە، ئەمریکاوەك حکومەتێکی کاتی لەعێراقدا بەرەسمی بناسێ. ئەمریکا ئەم جۆرە کارانەی هەر ئێستا دەست پێکردووە، بەبڕوای من گرتنی سەفارەتی عێراقی لەبەرلین راستەوخۆ بەنەخشەی CIA بەرێوە چوو، ئەو کارەو بەو حەجمە، لەکاری جەماعەتێکی بێ ناونیشانی وەك بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی ناچێت!، بەر لەوەی هەواڵەکەی لە میدیای ئەڵمانیاوە بلاو بێتەوە CNN رایگەیاند.

## ئێمەوخەڵکی دەبێ چی بکەین؟

ئەم نەخشەیەی ئەمریکا کاتێك بەقازانجی پراوپری ئەوتەواو دەبێت، کەبەرێوە بردنی نەخشەکەی بۆ لێدان لەعێراقو لابردنی رژێمی بەعس، هیچ بوارێکی بۆ هاتنەمەیدانی خەڵکی تووڕەی عێراق لەرژێمی بەعس تێدا نەبێت. قازانجی ئۆپۆزسیۆنی بەکرێگیراوی ئەمریکاش هەرلەمەدایە. بۆیە ئەگەر ئەرکێك بکەوێتە سەر شانی ئەم مووچەخۆرانەی ئەمریکا هەر ئەوەیە چ لەرێگای فریوکاریەوە، چ لەرێگای حزوری چەکدارانەوە جڵەوی هاتنە مەیدانی خەڵك بکەن!. لەراستیدا رادەی شکاندنەوەی ئەم هەلومەرجە بەقازانجی خەڵکی عێراق‌وکوردستان، بەتەواوی بەستراوەتەوە بە رادەی دەخاڵەتی چالاکانەی خەڵك بەئاسۆی سەربەخۆو سیاسی خۆیانەوە. هەربۆیە سەرەکیترین ئەرکی ئێمە هێنانە مەیدانی خەڵکی عێراقە. ئەمریکا رووخاندنی رژێمی بەعس لەئێمەوخەڵکی عێراقەوە تازە فێر بووە. ئێمەوخەڵکی عێراق‌وکوردستان دەیان ساڵە بریاری رووخاندنی ئەم رژێمە دڕندەوهارەمان لەدادگای ئینسانی‌وشۆرشگێرانەی خۆماندا دەمێکە داوەوکارمان بۆ کردووەولەفرسەت دەگەرێین. ئەوکاتەی ئەمریکا بۆ جڵەوکردنەوەی شارەکانی کوردستانو ناوەراست‌وخوارووی عێراق لە ساڵی١٩٩١ دا، دەستی رژێمی بۆ وەحشیانەترین هێرش ئاوەڵا کرد کەدەیان هەزار کەس تیایدا بوونە قوربانی، ئێمە لەدژی رژێم دەجەنگین‌ویەك هەنگاو لەشیعاری رووخاندنی رژێم نەهاتینە خوارەوە. بۆیە ئەم رژێمە دەبێ بڕواوگۆری بۆ هەمیشە وون بێت. جا هەرکەسێك دەیرووخێنێ. ئێمە تێدەکۆشین لەسەر وێرانەی ئەم رژێمە کۆمارێکی سۆسیالیستی دابمەزرێنین. لەکەمترین فرسەت لە شل بوونەوەی دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی رژێم بەسەر سەری خەڵکەوە سوود وەردەگرین بۆ دامەزراندنی شوراکانی خەڵك وەك ئۆرگانی دەسەلاتدارەتی لەجێگای کارو ژیانی خەڵك. خەڵکی عێراق شایەنی ژیانێکی ئازادویەکسان‌وخۆشگوزەرانە، خەڵکی عێراق زۆر دەمێکە لەژێر ئەم رژێمە هارودڕندە پۆلیسیەدا گیانی وورد دەبێت، بۆیە بەتووندی عاشقی ئازادیی‌یەوئەگەر کۆمۆنیستەکان لەمەیداندا بن بەرێزی سەدان هەزار کەسی پێیانەوە پەیوەست دەبن‌و کۆمەڵگا بەتووندی بەرەو چەپ دەچەرخێ.

ئەمریکا بە هوشیاری‌یەوە دەیەوێ خواستی ملیۆنی خەڵکی عێراق‌وکوردستان بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس بکاتە خۆراکێکی راگەیاندنی فریوکارانەو بەرگی رزگارکەری خەڵکی عێراق لەبەر بکات. ئەگەر ئەم راگەیاندنانەی ئەمریکا کەبێگومان مووچەخۆرەکانیشی لەعێراقدا، دروست وەك کاتی داسەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر سەری خەڵکی عێراقدا هەڵهەڵەیان لێدەدا، دەبنە زورناژەنی، بچێتەسەر، دەوری جدی دەبێت لەراگرتنی خەڵکیدا بۆدەورنەگێران لەم هەلومەرجە چارەنووس سازەدا.

ئێمە رایدەگەیەنین:

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
5-9-02 01:33:32 7

١- ڕژێمی بەعس دەبێ بڕوخێ، ڕووخاندنی ئەم حکومەتە بەقازانجی خەڵکی عێراقە، گومان لەوەدانیە ئەگەر بەدەستی خەڵك بڕوخێ، یان جێگای بەرجەستەیان لەڕوخاندنیدا هەبێت، سیناریۆی دواتر هەرچی زیاتر کۆمەك بەلەمەیداندا مانەوەی خەڵکی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سبەینێیان دەکات. بۆیە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس تەنانەت لەلایەن خودی ئەمریکاشەوە بێت مەحکوم نیە.

٢- هەرجۆرە ڕووبەڕوو کردنەوەیەکی جێگای کاروژیانی خەڵك، بنەمائابووری و مەدەنیەکانی کۆمەڵگای عێراق لەگەڵ جەنگ وکوشتاردا بەتووندی مەحکومە.

٣- ئێمە تەواوی توانامان دەخەینە گەڕبۆ بەشکست کێشانی تەواوی هەوڵەکانی ئەمریکابۆ قەوارە دان بە تەحالوفێکی شیمالی تروبەرنامەوپەیامە فریوکارانەکانیان مەحکوم بەتێکشکان ورسوایی دەکەین.

٤- ئێمە لەکەمترین شلبوونەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی ڕژێم بەسەر ژیانی خەڵکەوە ئیستیفادە دەکەین وبەفەوری شوراکانی کرێکاران وزەحمەتکێشانی خەڵکی عێراق وەك ئۆرگانی باڵای بەڕێوەبردنی وولات کەتیایدا فراوانترین ئازادی بۆ دەخالەتی خەڵك لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا فەراهەم دەبێت دادەمەزرێنین، کۆنگرەی سەراسەری شوراکان باڵاترین ئۆرگانی دەسەڵاتدارەتی دەبێت لە وولاتدا.

٥- لەیەکەمین فرسەتداو لەهاوسەنگیەکی هێزی دیاریکراوی هێزی ئێمەدا، پێداویستیە عەمەلیەکانی ساز کردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد لەکوردستاندا بەمەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کوردستان بەدەستی دانیشتوانەکەی فەراهەم دەکەین.

٦- ئەڵتەرناتیڤی ئێمە بۆ هەرئەمرۆی جێنشینی ڕژێمی بەعس دامەزراندنی جمهوری سۆسیالیستی وبەڕێوەبردنی بەرنامەی ڕاگەیەندراوی دنیایەکی باشترە.

## هەڵوێستمان بەرامبەر حکومەتی مۆقەت!

سەربەخۆ لەوەی کەجێگاو ڕێگای ئێمەو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی‌عێراق بۆڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، لەم هەلومەرجەدا چەندێك بەهێز دەبێت. لەکاتی پێکهێنانی حکومەتێکی کاتیدا هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر ئەو حکومەتە لەسەر بناغەی هەڵوێستی ئەو حکومەتە دەبێت بەرامبەر بەئەوپەڕی ئازادی سیاسی‌ومافە مەدەنیەکانی خەڵکی عێراق. لەهەموو حاڵەتێکدا ئەو حکومەتە دەسەڵاتێکی گوزەر دەبێت. سەرئەنجام یان بەرەی ڕاست بۆخۆی دەبات‌ودەورەیەکی نوێ لەدەسەڵاتدارەتی سەرکوتی سەرمایە لەعێراقدا دەست پێدەکاتەوە، یان چەپ‌وکۆمۆنیزم بۆخۆی دەیبات‌وکۆتایی بەهەموجۆرە چەوسانەوەیەك دێت‌ودنیایەکی ئازادویەکسان‌وخۆشگوزەرانی شایستەی ئینسانی بەنسیبی خەڵك دەبێت. ئەمە کەوتۆتە سەر هاوسەنگی هێزی سیاسی‌وکۆمەڵایەتی‌ودەخالەتی چالاکانە لە نێو شەڕی ئەڵتەرناتیڤەکاندا. ڕادەی عومری ئەو هەلومەرجە کەتیایدا هێشتا دەسەلات بەتەواوی یەك لانەبۆتەوەوبوار بۆ دەخالەتی خەڵکی هەیە، بەستراوەتەوە بەڕادەی دەخالەتی ئێمەو بوونمان لەنێو حەلەبەی شەڕی دەسەلاتدا.

٢٠٠٢/٨/٣٠